# شێداری، کەڕوو و تەڕیی

Plus Dane Housing



## چۆن ماڵەکەت بە وشکی دەهێڵیتەوە

تەڕیی بەهۆی شێی ناو هەوا ڕوودەدات. تەواو سروشتییە، و لە ماڵەوە دەیبینیت کاتێک پەنجەرەکان هەڵم دەیانگرێت یان دیوارەکان تەڕ دەردەکەون. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ شێداری و کەڕوو. ئەمەش زیان بە دیوارەکان، مۆبیلیاتەکان دەگەیەنێت و تەنانەت جلەکانت لە دولابەکەدا، و کێشەی تەندروستی دروست بکات یان نەخۆشیەکان بکات تەنگەنەفەسی خراپتر دەکات.

چێشت لێنان و شۆردن و چالاکییەکانی تر لە ماڵەوە هەموو شێ درووست دەکەن، بەڵام هەن شتگەلێکی سادە هەن کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت تەڕیی ناگۆڕێت بۆ کێشەیەک.

### گەرمکردنەوە

#### بە جێگیری بیهێڵەرەوە

- لە کەشوهەوای سارددا گەرمکەرەوەکەت بهێڵەرەوە بە درێژایی ڕۆژ لەسەر ئاستی نزم ئەگەر دەتوانیت
- ئەگەر ژوورت هەیە گەرمکەرەوەی تێدا نییە، دەرگاکان بە کراوەیی بهێڵەرەوە تا هەوا بتوانێت بخوولێتەوە.
- دوور بکەوەرەوە لە پارافین یان گەرمکەرەوەی غازی گەورە. ئەوان شێ بۆ هەوا زیاد دەکەن

### هەواگۆڕکێ

#### هەوا بە دەوری ماڵەکەتدا بهێڵەرەوە

- پەنجەرەی چێشتخانە یان حەمامەکەت بکەرەوە کاتێک بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی هەڵم بتوانێت دەربچێت
- مۆبیلیات لە دیوارەکان دوور بخەرەوە
- دۆلابەکانت زۆر پڕ مەکە
- دەرچەی هەوا لە ماڵەکەتدا دامەخە
- ئامێری هاواگۆرکێی پەنجەرە و دەرچەی هەوای بچووک لە پەنجەرەی مۆدێرن بە کراوەیی بهێڵەرەو، ئەگەر هەتبێت



## کەڕوو

بەزۆری کەڕوو لە پینە دەچێت لە پەڵەی ڕەشی بچووک و شێوە لەسەر دیوار و سەقف. دەتوانێت گەشە بکات و بڵاوببێتەوە و ببێتە کێشەیەکی جدی، بەڵام ئەگەر ڕێگری لێکرا لە کاتی خۆیدا دەتوانیت خۆت چارسەری بکەیت لەگەڵ پاککردنەوەی ماڵەوە بەرهەمەکانی وەکو لابەری ژەنگ و کەڕوو. پێویستە هەروەها دەرچەی پەنجەرە بە کراوەیی بهێڵەرەوە، بە تایبەتی لە ژوورەکانی نووستن کە ڕۆیشتنی هەوا دەتوانێت خراپ بێت.

دەتوانن کەڕوو لە ناوبەرێت بە کرینی کەڕوو کوژ، یان بۆیاخی دژە کەڕوو بۆ ئەوەی بچێتە سەر شوێنەکە کاتێک چارسەرت کرد.



## شێ

## کەمتر دروست بکە.

- لە کاتی چێشت لێنان دەرگاکانی ناوەوە بە داخراوی بهێڵەرەوە بۆ ئەوەی شێیەکەی بڵاو نەبێتەوە بە ماڵەکەدا
- قاپەکان لەسەر مەنجەڵ و تاوە بهێڵەرەوە
- ئاو لەناو مەخسەڵەکدا بەجێ مەهێڵە، دەیکات بەهەڵم لە ناو هەوادا
- دڵنیابە لە هەواگۆڕکێی ووشککەرەوەکان لە دەرەوە، یان لە ژوورێکی هەواگۆڕکێدا ئەگەر نا
- شتە شۆردراوەکان لەسەر گەرمکەرەوەکان وشک مەکەرەوە
- لە دەرەوە شتە شۆردراوەکان وشک بکەوە ئەگەر بتوانرێت، یان لەناو حەمامەکە با دەرگاکەی داخراو و پەنجەرە کراوە بێت یان پانکەی هەواگۆرکێ پێبکە
- پەنجەرەکان و دیوارەکایان و کێشەکانی دیوار خاوێن بکەرەوە بە بەردەوامی بۆ وەستان کۆبوونەوەی تەڕیی
- سۆندەی دوش لە حەمامەکاندا مەخە ناو بانوەکە مەگەر ئەوەی کە نژوورەکە بە باشی هەواگۆڕکێی بۆ کراوە

**ڕاپۆرتی**

**شێداری، کەڕوو و تەڕیی**

پەیوەندی بە -

تیمی دەستگەیشتن بە بەژدرابووان

Customer Access Team

بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی 08001692988